

# ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئینجیلەکان

## (بەشی دوانزە)

**نوسینی: کری ڤۆلڤ**

**وەرگێڕانی بۆ فارسی: محەمەدی قازی**

**ناسری ئەمین نژاد کردوویە بە کوردی**

لەسەدەی دوانزەدا و لە ئالبیAlbi (باشوری فەرانسە) دەستەیەکی نوێی مەسیحی دامەزرا. لایەنگرانی ئەم دەستەیە بە شێوەیەکی تایبەت بە خۆیان دەیانڕوانیە "کتێبی پیرۆز" و جۆرێکی‌تریان لێکدەدایەوە و نەیاندەویست مل بەحوکم و تەفسیرەکانی پاپای روم بدەن. ئاشکرایە کە کاکڵی ئەم کێشەیە و ناوەڕۆکی راستەقینەی ئەم رووداوە نەك جیاوازی بیروڕای ئاینیی بەڵکو درێژەی ململانێیەکی چینایەتی بوو کە لە ژێر پەردە و دروشمی ئایینیدا خۆی دەنواند. لێرەدا خاوەن‌ملکایەتی کلیسا و بەگشتی دەسەلاتی روحانییەکان ببوە مێملێک لەسەر رێگای بازرگان و خاوەن پیشە دەوڵەمەندەکانی ئەم ناوچەیە. ئەمەش کۆتوبەندی کلیسای بەسەر شانی کۆمەلانی وەرزێر و خاوەن پیشەکانەوە قورستر دەکرد و بەرە و ڕابوون و سەرهەڵدان هەڵی‌دەخراندن. خەڵکی ئالبی یاخود "لە دین وەرگەڕاوەکان" داوای هەڵوەشاندنەوەی خاوەنیەتی کلیسا بەسەر زەوی و زارەکانیان دەکرد و خوازیاری گەڕانەوە بۆ سەردەمی "ئینجیل" بوون. واتە دەورانێك کە کلیسا هیچ دەسەلات و دەسترۆیشتوییەکی دنیایی نەبوە و پیاوە ئاینییەکان سەرەڕای هەژاری و دەستەنگی خەریکی بلاوکردنەوەی ئامۆژگارییەکانی ئینجیل بوون. دیارە داوایەکی ئاوا بە زاری کلیسای چاونەزێڕی کاتۆلیك تاڵە و پێی هەڵدەبەزنەوە. هەر بۆیە کلیسا بڕیاری دا "ئەرکی شەرعی خۆی، واتە تەفروتوونا کردنی لە دین وەڕگەڕاوەکانی "ئالبی"، بەجێ بگەیەنێت.

«ئینۆسانی سێهەم»، کە پاپای روم بوو، لە ساڵی ١٢٠٨ی زایینییدا هێزێکی زەبەلاحی نیزامی، کۆك و پۆشتەی نارده مەیدانی شەر و بەرنگاربوونەوەی خەڵکی ئالبی تا سەریان بکوتنەوە. ئەم شەڕە بیست ساڵی خایاند. لەم ماوەیەدا خاکی ئەو ناوچە ئاوەدانە بە توورەکە بێژرا، سوتێندرا و شەلاڵی خوێن کرا. هەزاران کەس گیانی خۆیان لە دەست دا. هێزەکانی پاپای روم بێ بەزەییەتی و دڵڕەقییەکی لە گێڕانەوە نەهاتوویان نواند. با پێکەوە سەیری نمونەیەکی ئەو خوێنخۆرییە بکەین. نوێنەری پاپای روم لەو شەڕانەدا کەسێك بوو بە ناوی «ئارناود Arnaud»، ئەم کابرایە سەرکردەیی شەڕەکانی لە ئەستۆ بوو. کاتێ هێزە نیزامییەکان دەستیان بە سەر شاری «بژییە Beyiers»دا گرت، فەرمانی دا هەموو دانیشتوانی شارەکە تا دوایین کەس قەڵتوبڕ بکرێن. لێیان پرسی ئەی منداڵەکان و ئەو کەسانەی کە لە دین لایان نەداوە چیی؟ لە وڵامدا دەڵێ: «دەست مەپارێزن، بیانکوژن، خوا بۆخۆی پاك و پیسیان دەکا و چاکەکانیان دەناسێتەوە»[1]

هەموو ئەم جینایەت و خوێنڕێژییانە بە ناوی بەرگری لە حوکم و فەرمانەکانی ئینجیل قەوماون. ئەمانە هەر ئەو کەسانە بوون کە داوایان لە خەڵك دەکرد دڵنەرم و بەبەزەیی بن، خۆ بە کەم بگرن و سەر لە پێناو بن، داوایان دەکرد کە ئەگەر کەسێك زللەیەکی لێدان، قەڵز مەبن، لاروومەتەکەی تریشتان بخەنە بەر دەست تا تێی سرەوێنن!

باسی هەموو ئەو جینایەتانەی کە کلیسا بە ناوی ئیجیلەوە کردوویەتی هێندە زۆر و بێزراوە کە لەم نامیلکەیەدا ناگونجێ و بەسەرچڵێکیشی راناگەین. لێرەدا هەر ئەوەندە

---

[1] – ئایوتوڵلا خەلخالی و گیلانی و زۆرێکیتریش لە حاکمە شەرعییەکانی کۆماری ئیسلامیش هەر ئاوا بە کۆمەڵ خەڵکیان دەدایە بەر گوللە یان هەڵیاندەواسین و دەیانووت ئەگەر بێتاوانیش بن قەیدی نیە لەو دنیای دیکە جەزای بی تاوانی خۆیان وەردەگرنەوە و دەچنە بەهەشت. (وەک ئیعدامی پەنجاونۆکەسەکەی مەهاباد، ئیعدامەکانی سەقز و سنە و ناوچەکانی دیکەی کوردستان و تورکمەنسەحرا ... هەروەها و بەتایبەت کوشتاری ساڵەکانی ١٣٦١ و ١٣٦٧ و هتد)

بەسە وەبیر بێنینەوە کە تەنیا بە فەرمانی دادگاکانی لێپرسینەوەی بیروبڕوایی (Inguisition) دەیان هەزار ئینسانیان وەبەر داری جەزرەبە کەوتوون و بە زیندوویی لە ئاوردا سوتێندراون. «ترکمادا Torquemada» هەژدە ساڵ سەرۆکی یەکێك لەو دادگایانە بوو. لەو ماوەیەدا دەهەزار و دووسەدوبیست کەس لەسەر بڕیاری ئەوکابرایە بە زیندویی سوتێندراون. لەوانەیە چەند دە کەسێکیان وەبەر "بەزەیی تایبەت" کەوتبێتن و بەر لە سوتاندن خنکێندرابن! یان چەند دەکەسێکی دیکەشیان بەرگەی جەزرەبە و داپڵۆساندنی "مەحکەمەی پیرۆز"یان نەگرتبێ و لە ژێر دارکاری ئەشکەنجەدا مردبێتن، دەنا هەرهەموویان بە زیندوویی خراونەتە کڵپەی ئاگرەوە.

«دادگای لێپرسینەوەی بیروبڕوایی» لە سەدەی سیانزەی زاینییدا لە لایەن کلیسای کاتۆلیکەوە دامەزرا، تا لەو کەسانە بپێچێتەوە کە چوکترین هەنگاویان بەپێچەوانەی بنەما و تێڕوانینە ئینجیلییەکان هەڵگرتبێ و بەمجۆرە لە دین وەرگەڕابن. تا بەرنگاری ئەو کەسانە ببێتەوە کە ڕێگای لێکۆڵینەوە و پەرە پێدانی زانست و زانیاریان گرتۆتەبەر، تا لە دژی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان بێنە مەیدان. هەموو ئەو کەسانە راپێچی زیندان دەکران کە لێیان بەدگومان بوون و شوبهەی کوفر و لادەرییان لەسەر بوو. لە زینداندا هێندەیان ئازار دەدان و ئەوەندەیان دادەپڵۆساندن تا دیان بە هەموو "جینایەتەکانیان" و هەموو ئەو تاوانانەدا بێنن کە دادگای لێپرسینەوە خستبوویە سەریان. ئا لەو وەزعەدا ئەگەر "تاوانبار" ملی نەئەدا، دیسان ئازار و ئەشکەنجە چاوەڕێی بوو، ئەگەر دیانیشی بە "تاوانەکانی" هێنابا، ئەوا دیسان تێیان هەڵدەدا تا بچێتە ژێر باری"جینایەتەکانی" دیکەش کە کردوویەتی.

ئازار و ئەشکەنجەکان بەڕاستی ترسناك و تۆقێنەر بوون: تاوانباریان داخ دەکرد، هێندەیان هەڵدەواسین هەتا چوار بەندی لەشیان لێکبترازێ، بە گازی ئاسن کوتە گۆشتیان لە جەستەی "تاوانبارکراو" دەکردەوە، زۆرجار دەست و قاچیان دەخستنە ناو جەنجەڕی ئاسنینیی تایبەت و ئەوەندەیان جەڕ دەدان هەتا خۆیان گوێیان لە تێکقرمانی ئێسکەکانیان ببێ، یان دەهاتن دەرزییان لە ژێر نینۆکەکانیان ڕۆدەکرد، یاخود ناچاریان

دەکردن بە سەتڵ یەك بە دوای یەك ئاو بخۆنەوە. ئەم ئەشکەنجەیە زۆرجار مردنێکی پڕ ئێش و لەتاقەت بەدەری لێ دەکەوتەوە.

«ژوان ئانتۆنیولورێنت Juan Antonio Lorente» لە ئاخروئۆخری سەدەی هەژدەی زاینییدا و لە شاری مادرید بنووسی دادگای لێپرسینەوەی بیروبڕوایی بوو. لەم بابەتەوە نووسیویەتی:«ناتوانم شەرحی ئەو دیمەنە ترسناك و دڵتۆقێنەرانە بێنمە سەر کاغز، چونکا من هیچ شتێکم بە مێشکدا نایەت و نایبینم کە بەقەدەر ئەمجۆرە رەفتار و هەڵسوکەوتانەی قازییەکانی دادگای لێپرسینەوەی بیروبڕوایی دژ بوویێت بە ناوەڕۆك و کاکڵەی چاکەخوازانە و بەزەییەتی عیسای مەسیح،کە زۆرجار لە ئینجلدا بە گوێی مرۆڤی دەگەیەنێ ... کاتێ تاوانبارکراو بە هۆی جەزرەبە و ئازاری بێ پسانەوە نیوەگیان دەکرا و نوزەیەکی تێدا دەما، بۆ دەربازبوون لەو وەزعە ـ هەرچەند بە قیمەتی گیانیشی تەواو دەبوو ـ دانی بە هەموو ئەو شتانەدا دەنا کە قازییەکان داوایان لێ دەکرد، بەڵام خۆ بەمەش خەلاسی نەدەهات، قازییەکان ناوی "گەناحکارێکی پەشیمان بوو"یان دەخستە سەر و تەنیا کەڵکێك کە هەیبوو ئەوە بوو کە بەر لە سووتاندن دەخنکێندرا. بە پێچەوانەش ئەگەر "تاوانبارکراو" ملی نەدابا و دانی بە هیچ شتێکدا نەهێنابا، ئەو دەم وەك لە دین لادەرێکی پەشیمان نەبوو، کە سوورە لەسەر لادان، بە زیندوویی دەسوتێندرا. جاروبار رێگەی دیکەیان دەگرتە بەر، وەك ئەو جۆرەی کە دەرحەق بە «وانینی Vanini» فەیلەسوف، لە ساڵی ١٦١٩ بەڕێوەیان برد. سەرەتا زمانی تاوانبارکراویان دەبڕی و بە بەر چاوی خۆیەوە دەیانسووتاند و پاشان خۆشیان دەکوشت.»

ئەم خوێنڕێژە "پیرۆزانە" هەوڵیان دەدا هەتا بکرێ رێوڕەسمی کوشتنی تاوانبار پڕ ئێش و ئازارتر و ترسناکتر بەڕێوە بچێ. لێرەدا ئیشارە بە شەرحێکی دیکە دەکەین کە هەمان «لۆرێنت» ناوبراو گێڕاویەتیەوە:

« ڕۆژ لـە گـەڵ ڕۆژ ژمـارەی تاوانبـارکراوان کـە دەبـوو بسـوتێندرێن هەڵدەکشـا. حـاکمی «سـویل[٢]» ناچـار مـا بـۆ پـێڕاگەیشـتن بـەم "حوکمـە پیرۆزانـە" لـە دەشـتێکی قەراغ شار بە ناوی «تابلادا Tablada » کوورەیـەکی دایمیـی لـە بـەرد سـازبکات. ئەم کوورەیە ناوی «کمادورو Quemadero»یە و ئێستاش هەر ماوە. لە چوار سـووچی بـانی ئـەم کورەیـەدا چـوار پەیکـەری لـە گـەچ سـازکراو، بـە نـاوی چـوار پێغەمبەرەوە، قوت کراونەتەوە. نۆمەسیحییەکان کە لە دین وەرگەڕابوون و سوور بوون لە سەری، بە زیندوویی دەخرانە ناو ئەم کوورەخانەیە و لە ناوەڕاستی ئەم کورە گەورەوگران و سوتێنەرەدا هێدی هێدی دەبرژان و دەمردنن»

"لۆرێنت" درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ:« کێ دەوێرێ بڵێ ئـەمجۆرە سزادانە کـە تـەنیا بـە هـۆی هەڵەیـەکی سـادە لـە تێگەیشـتنی ئینجیـل بەسـەر تاوانبـارکراودا دەسەپێندرێ لە گەڵ ڕۆح و هەناوی ئینجیلدا یەك دەگرێتەوە؟»

زانایەکی سۆڤیەتی بە ناوی « لۆزینیسکی Loziniski» لە پێشەکییەکدا کە بـۆ کتێبەکـەی « شـارل لیئـا Charles Lea» مێـژوو نووسـی دادگاکـانی لێپرسینەوەی بیروبڕوایی، نووسیویەتی، دەڵێ:

«کاتێ بیر لەوە دەکەینەوە کە «دادگاکانی لێپرسینەوەی بیروبڕوایی» لە داوێنـی کلیسادا پێگەییون و پەلوپۆیان هاویشتووە و پشتیان بە ئینجیل بەستووە، ئیتر زۆرمان بۆ زەحمـەت دەبـی سـەری لـێ دەربێنـین و شـیی بکەینـەوە» بـێ گومـان ڕەنگـە لـە یەکـەم تێڕواننیـدا وای بـۆ بچـین کـە کلیسـای کاتۆلیـك بـەم کـارەی واتـە دامەزرانـدنی ئـەو دادگایانە هەموو رایەڵ و پێوەندییـەکانی خۆی لەگەڵ ئینجیل و بە گشتی لە گەڵ مەسیحییەتدا پچراندووە. بەڵام لە راستیدا وا نیە. دادگاکانی لێپرسینەوەی بیروبڕوایـی بـە خوێنڕێژییـە بـێ شـەرمانـەکانی خۆی لـە لایـەك و ئینجیلیش بـە "چاکەخوازی و

[٢] – Veville ، سویل یان ئشبیایە، یەکێکە لە شارەکانی ئیسپانیا . (م. ق)

نەرمونیانییە بێ کۆتاییەکانی خۆی" نەك لە گەڵ یەکتردا دژایەتییان نیە، بەڵکو تەواوکەری یەکتریشن. چونکا:

یەکەم، پێشتر باسی ئەوە کرا کە ئینجیل خەڵك فێری ئەوە دەکات کە چەوسێنەرەکانی خۆیان خۆش بوێ و گوێڕایەڵی فرمانەکانیان بن. دەرحەق بە رەنجدەران و کۆیلەکانیش داوا دەکات کە چاوێکتان لێیان بێ، بەڵام لە هەمان حاڵدا حوکمی ئەوەش دەکات کە ئەگەر پیویستی کرد، «لدی الاقتضا» بێ بەزەییانە دایانپاچن. بۆ نمونە ئینجیل دەڵێ: «خزمەتکاری گوێنەگر، قەمچییەکی زۆری بەر دەکەوێ» گوناحکارەکان ئەو کەسانەن کە لە بازنەی نەریتی چەوسێنەرانەدا نامێننەوە و ملی پێ نادەن و ئینکەبەری کلیسا دەکەن. ئەمانە «فرێ دەدرێنە دەرەوە، ئەو جێیەی کە هەر دەنگی گریانە و لێوەلەرەی و تەقەتەقی دان» کەوابوو دادگاکانی لێپرسینەوەی بیروبڕوایی دروست لە ڕێگایەکدا هەنگاویان هەڵێناوەتەوە کە لە گەڵ رۆح و هەناوی ئینجیلدا تەبایی هەیە. خۆ هیچی بە پێچەوانەیان نەکردووە، تەنیا ئەو کەسانەیان سزاداوە و جەزرەبە کردووە، کە ڕێگایان بە خۆیان داوە کەم و زۆر لە بەرامبەر فێرکردەکانی ئینجیلدا بوەستن یان نارەزایەتی بنوێنن. یان سووکە سەربزێوی و ململانێیەکیان لە گەڵ دەسەڵاتی کۆیلەپەروەری دەرەبەگ و ئاغاواتەکان و کلیسادا کردووە، یان کەمێك لە دژیان راست بوونەتەوە.

دووهەم، قازییەکان و هەڵسوڕێنەرانی«دادگاکانی لێپرسینەوەی بیروبڕوایی» بە بەزەیی نواندنێکی درۆیینە و تەفەردەرانەی تایبەت بەخۆیان لافی ئەوەیان لێدەدا کە بە کوشتن و ئازاردانی "لادەر و لە دین وەرگەڕاوەکان" خێرێکی گەورە دەکەن و بە پێی رۆح و هەناوی ئینجیل و خۆشەویستی هاونەوع دەجووڵێنەوە.

تۆ سەیری ئەم قسە پووچ و بێبناوان و ریاکارانەیە بکەن! دەیانوت، بە سوتاندنی لەشی تاوانبار دەمانەوێ رۆحەکەی لە عەزابی هەتاهەتای جەحەننەم رزگار بکەین! بە بۆچوونی خۆیان ئەم کارەیان بە بێ خوێنرشتن رادەپەراند، چونکا ئەگەر لەش

بسوتێندرێ ئیتر خوێنی لێ نایەت و بۆخۆی دەبێتە خۆڵەمێش... چ ڕووهەڵماڵدراوی و ریاکارییەکی ترسناك!

لە ئینجلیشدا بە رۆشنی و ڕەپوراست لەسەر سزای ئەو کەسانە قسە کراوە کە لە رێوشوێنی ئینجیل لادەدەن. ئینجیل بە ئاوری جەحەننەم و عەزابی هەتاهەتایی هەڕەشە لە تاوانباران دەکات، کە لە رۆژی قیامەتدا چاوەروانیانە.

داخوا ئەمە هەمان "بەزییەك" نیە کە هەڵسوڕێنەرانی «دادگاکانی لێپرسینەوەی بیروبڕوایی» فروفیشاڵیان بۆ دەکرد؟ داخو ئەو کەسانە بە ئاکاری بێزراو و دڕندانەی خۆیان هەمان بەڵێنی ئینجیلەکانیان بە جێنەدەگەیاند؟ کە دەڵێ: "هەرکەسێ لە مندا نەچەسپێ فڕێ دەدرێتە دەرەوە، وەک لقێک ووشک دەبێ، ئێنجا لقە ووشکوکان کۆدەکرێنەوە و فڕێ دەدرێنە ناو ئاگە و دەسوتێن"[3] «دادگاکانی لێپرسینەوەی بیروبڕوایی» بۆ بەڕێوەبردنی ئەم حوکم و داخوازییەی ئینجیل لە ماوەی کاری خۆیدا زیاتر لە ٣٢هەزار کەسیان بە زیندیسەر سوتاند و زیاتر لە ٣٤٠هەزار کەسی دیکەیان خستە بەر داری داپلۆساندن و جەزرەبە و تێهەڵدان. لەناو ئەم خەڵکانەدا دوکتورەکان، زانایان و لێکۆڵەران و بیرمەندان و باشترین کەسانی سەردەمی خۆیان هەبوون کە بە ناوی ئینجیلەوە هەموویان تەفروتونا کران...

مێژووی مرۆڤایەتی هەرگیز ئەو جینایەت و دڕندەییە لە بیر ناکات کە لە بیست و چواری مانگی ئوتی ساڵی ١٥٧٢ بە دنەی کلیسای کاتۆلیك لە پاریسدا قەوما. ئەم رووداوە لە مێژوودا بە ناوی "شەوی سنبارتلمی" تۆمار کراوە. هەر لەو شەوەدا بە ناوی بەرگری لە کلیسای کاتۆلیك زیاتر لە دوو هەزار "لادەر" یان پرۆتستان تەنیا لە شاری پاریس قەڵتوبڕ کران.

ئەم کردەوە مەسیحاییە لەژێر سەرکردەیی "شارل"ی نۆهەم پاشای فەرانسە و دایکەکەی واتە شاژن "کاترین دومدیسی" بەڕێوە چوو. وا دانداربوو زەبرێکی قورس لە

[3]- ئینجیلی ناسراو بە یوحەننا بەشی ١٥، ئایەتی ٦

حیزبی سیاسی نەیار کە پرۆتستان بوون بوەشێندرێ و ئاوی چاویان بگرن. ئەم کوشتارە خوێناوییە لە ڕاستییدا ڕەنگدانەوە خەباتێکی توندوتیژی چینایەتی بوو کە ئەو دەم زۆرتر شێوەی ملبەملەی ئایینی بە خۆوە دەگرت. پێشتر نەخشەی ئەو کوشتارە کێشرابوو، لە ڕۆژی ٢٤ی ئوت(ڕۆژی بەر لە شەوی سنبارتلمی ) ئەو قەڵتوبڕە خوێناوییە لە پاریس دەستی پێکرد و بەیانی ئەو ڕۆژەش بە فەرمانی شا لە تەواوی فەرانسەدا بەڕێوە چوو. لەماوەی دوو حەوتوودا سەری نزیکەی دەهەزار کەس بڕدرا.




ئەمە وێنەی "میشل سروە" زانای بەناوودەنگە کە تەسلیس واتە سێ خودایی ڕەد دەکردەوە و لە ساڵی ١٥٥٣دا بە دەستوری "کال ون" یەکێك لە بناخەدانەرانی پرۆتستانیسم لە شاری ژنێڤ بە زیندوویی خرایە ئاورەوە.

ڕێبەرانی کلیسای پرۆتستانیش کە بە دروشمی"گەڕانەوە بەرەو بناخەی ئینجیلی" لە دژی کاتۆلیکەکان ڕاپەڕیبوون، بە هەمان شێوەی دڕندانەی کاتۆلیکەکان لەگەڵ نەیارەکانی خۆیان دەجووڵانەوە، ئەشکەنجە و ئازاریان دەدان یان دەیانسوتاندن.




**وێنەی یوهانس کالوینس**

مرۆکوژەکان بە ناوی ئینجیل و لەژێر ناوی بەرگریکردن لە ڕێوشوێن و فەرمانەکانی ئینجیل هاتبوونە دەست. پاپای ڕوم کە لەم خۆنیشاندانە گەورە و مەزنەی "خۆشەویستی هاونەوع" شاگەشکە ببوو، فەرمانی دەرکرد تا چراخانی

بکردرێ و سکەی میداڵیایەك بۆ شانازیکردن و ریز لە ئەنجامدەرانی ئەم کوشتارە خوێناوییە لێبدرێ. هەروەها نوێنەری تایبەتی خۆشی ناردە خزمەت بکوژە سەرەکییەکان ـ واتە "پاشای مەسیحی فەرانسە و شاژنی دایکی پاشا ـ تا پیرۆزبایی ئەم کارە خێرەیان لێ بکات.

کۆتایی بەشی دوانزە
درێژەی هەیە